# خاڵای لەگەڵ ڕووەکەکان قسە دەکات

Ursula Nafula
Jesse Pietersen
Agri Afshin
2
کوردی ckb

ئەمە خڵایە. ئەو تەمەنی حەوت ساڵە. وشەی خڵای بە زمانی ئەو “لوبوکوسو” واتە: “کەسێکی بەبەش.”

خاڵی لە خەو هەڵدەستێ و لەگەڵ دارپرتەقاڵەکە قسە دەکات:

“تکایە داری پرتەقاڵیش گەورە بە و پرتەقاڵی زۆری پێگەییوەن بدەیە.”

خڵای بۆ قوتابخانە دەچێت. لە ڕێگادا لەگەڵ گژوگیاکان قسە دەکات:

“تکایە گژوگیاکان، سەوزتر بن و وشك مەبن.”

خڵای بە لای گوڵە خۆڕسکەکاندا تێدەپەڕێ: "تکایە گوڵەکان، هەمیشە خونچە بدەن بۆ ئەوەی من ئێوە لە قژم بدەم."

لە قوتابخانەش، خێڵای لەگەڵ دارەکەی ناوەڕاستی حەوشەی قوتابخانەکەیان قسە دەکات: “تکایە دارەکە، لقی گەورە دروست بکە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لەژێر سێبەرەکەتدا بخوێنینەوە.”

خڵای لەگەڵ دارپەرژینی قوتابخانەکەی قسە دەکات: “تکایە، زۆر گەورە بەو ڕێگە لە هاتنە ژوورەوەی کەسانی نەخوازراو بگرە.”

کاتێک خاڵای لە قوتابخانە دێتەوە، سەردانی دارپڕتەقاڵەکە دەکات.

خاڵای لێی دەپرسێ: "ئەرێ ئێستا پڕتەقاڵەکانت پێ گەییون؟"

خڵای ئاهێك هەڵدەکێشێ و دەڵێ: هێشتاش پرتەقاڵەکان هەر سەوزن. خڵای دەڵێ: “دار پرتەقاڵ، بەڵێنی یەکتر دەبینینەوە، لە وانەیە ئەوکات تۆ پرتەقاڵێکی پێگەییوت هەبێ بۆ من!”

# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## خاڵای لەگەڵ ڕووەکان قسە دەکات

Ursula Nafula
Jesse Pietersen
Agri Afshin

CC BY